
# مەرگ هەزاران کاسیەتی درۆی جوانی
# بەم مەخلوقە فرۆشت



غەمگین بۆڵی

بەپای باران بەسەر خاشاکە ئەنتیکخانەکانی منداڵی
راکە..راکە!
تا: سنووری تەریق بوونەوەی ئادەم بۆ پووچی ژیان
تا: وەسیەتی گوڵ باغەکانی پایز نامەی شاعیرێکی پڕ مەراق
تا: بێتاقەتی نوێژی گەنجێکی شەڕانگێزی شەلاڵ لە ئایدیا
تا: تامی گێلاسی حەرامی دەمی منداڵێکی هەتیوو
تا: وێستگەی رەشەبا وێرانەکانی خەزانێکی چاو سووری جەنگەڵستان.
راکەو چیتر گۆرانی عەشق بۆ مەرگ مەچڕە
کاتێ سوێند بە سێوی فیردەوس دەخۆی
گاڵتە بەڕووگەی وەهمە باوەکان بکە.
کاتێ سوێند بە رۆحی باغەکانی شار دەخۆی
گاڵتە بە گوڵە مردووەکانی سەر پەنجەرە بکە
کاتێ سوێند بە ئاگرە شەبەنگەکانی زەردەشت دەخۆی
گاڵتە بە رابردووی خەواڵووت بکە
کاتێ سوێند بە چاوی دەستگیرانە تاقانەکەت دەخۆی

گاڵته به مه‌رگه کیسه‌ڵیه‌کان بکه
به مه‌رگ بڵێ:
تۆ له جه‌سنی ئاگر و
ژیان له جه‌سنی ئاو
به عیشق بڵێ: ( تۆ قاوه‌یه‌کی چه‌ند تاڵی و
له شیرینیان لێت تێر نابم!)
به یار بڵێ:
ته‌نها تۆ ده‌توانی ئاونگی گڵه‌ییه‌کانی سه‌ر په‌ڕه‌ی گوڵه
به‌جێماوه‌کانی ته‌مه‌نم بتکێنی
له تۆدا، خۆم به‌ته‌نافی ماچه سه‌وزه‌کانی عیشق هه‌ڵده‌واسم
تۆش له‌نێو مندا..
تابووتی ئه‌سه‌فه‌کانی فه‌نابوونی پاییز نامه‌ی عومرت
له ئێسقانم ساز بکه.
ژیان بێ شه‌رمه
شه‌وی دوێنێ له‌به‌ر شه‌به‌نگی گڵۆپه‌کانی ماڵ
خۆی بۆ مه‌رگ رووت کرده‌وه
په‌ڕه‌سێلکه غه‌واره‌کانی ته‌ك پۆرترێته‌که‌ی مامه تاقانه‌که‌م
به پێکه‌نینه‌وه به‌یه‌کیان ده‌گووت:
حه‌قیه‌تی که شه‌وان ده‌بێته شیعرێکی کوڵاو و
له دووره‌وه بۆنی فه‌نا بوونی لێدێت.